**"100 " ساڵەی پەیمانی سیڤەر**

نووسینی: Gerd Brendel لەئەڵمانییەوە هەڵۆ بەرزنجەیی

28.1.2022

بەشی ١ـ٢

## کۆتایی هەرس نەکراوی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی....




پەیماننامەی ناوبراو، پێش 100 ساڵ مۆری نا بە چارەنووسی دەسەڵاتدارێتی عوسمانی دا. ئەتاتورک دانوسانی لەسەر سنوورێکی نوێ کرد. بەڵێ ئەردۆغانیش بە پشت بەستن بە میراتی عوسمانی ، داوای ناوچەیەکی گەورە و بەرفراوانتر دەکات. ئایا لە دایکبوونەوەی عوسمانی شیاوی هێنانە دییە؟.

**<u>بەندی یەکەم: پەیماننامەکە</u>**

ڕۆژی 10.8.1920 لە Sèvres نزیک لە Versailles ، لە هۆڵێکی کارخانەی بەناوبانگی فەخفووری ، نوێنەرانی هێزە سەرکەوتووەکانی جەنگی جیهانی چاوەڕوانی شاندی تورکی بوون لە ئەستەنبوڵەوە. نزیکەی دوو ساڵ بەسەر ڕێکەوتنامەی ئاگربەستی «مۆدرووس»دا تێپەڕ بووە، کە شەڕی نێوان ئیمپراتۆری بەریتانی و دەسەڵاتی عوسمانی تەواو بووە، دووساڵ دانوساندن لە ڤێرسایی و پاریس.. خاتووی مێژووناس Ellinor Morack دەڵێ " کۆنفراسی ئاشتی گەورە لەنێوان هێزە سەرکەوتووەکان دا لە پاریس ، کە هەر خۆیان بەشدارییان تێدا کرد" واتە " هێزە دۆڕاوەکان بەشدارییان پێ نەکرا".. هێزە دۆڕاوەکان لەتەک ئەڵمانیا و نەمسا و هەنگاریادا، دەسەڵاتی عوسمانیش بوو. لە زنجیرە درامای تیڤی « Vatanim Sensin/ وەتەن سانسین/ تۆ نیشمانەکەمی» ئەم گرتەیە دووبارە بۆ بینەرانی تیڤی تورکی پێشکەش کرایەوە.. شاندە سێ کەسییەکەی لە ئەستەمبوڵەوە هاتبوو، بە دڵێکی تەنگەوە واژۆیان لەسەر ڕێکەوتنەکە دانا.(وەک لە وێنەکەدا دیارە جەنەڕاڵ هادی پاشا،وەزیری جارانی تورکی بۆ ڤێبوونی گشتی،ئیمزای ڕێکەوتنامەی ئاشتی دەکات.و).

له گرتەیەکی فیلمەکەدا خواستی ئیماندارانەی دیبلۆماتکاری ئەستەنبوڵی و پزیشک و فەیلەسوف " ڕەزا تۆفیق" خستە بەر باس... "دەبا واژۆکەم ئاشتی بهێنێ". خواستێک کە بۆخۆی نەهاتە دی. مۆراک دەڵی: پەیماننامەکە « دواجار وەک بەمردوویی لەدایک بووبێت وایە" دەشکێ وەک ئەو فەخفورییەی لە هۆڵەکەدا دانراوە، پەیماننامەکە واژۆ دەکرێ لەلایەن کۆستەنتینۆپۆلەوە، نەک لە لایەن ئەنقەرەوە. لە زنجیرە تەلەفیزیۆنییە تورکییەکەدا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا George Curzon ددان دەنێ بە خاڵە لاوازەکانی دا.
ئەنقەرە ئەو شارە بچووکەی ئانادۆڵ کە لە ساڵی 1920 ەوە لە لایەن مستەفا کەمال،کەدواتر بە ئەتاتورک ناسرا، کرا بە شوێنێک کۆبوونەوەی نەتەوەیی گەورەی تێدا ئەنجام دەدرا..بەشێوەیەک دەرکەوت وەک حکومەتی دژی کابینەی سوڵتان لە کۆنیستانتینۆپۆل، کە دەسەڵاتی تەنیا لەسەر کاغەز بوو.

**" سیڤەر" هەڵوەشانەوەیی ئیمپراتۆریەتەکەی نەخش کرد**

پایتەختی ئیمپراتۆرێتەکە: لەلایەن هێزە سەرکەوتووەکانەوە داگیرکرا بوو، ناوچەکان لە ڕۆژهەڵات و باشوورەوە لە مەککەوە تا قاهیرە، لە دیمەشقەوە تا بەغدا: هەمووی لەژێر کۆنترۆڵی فەرەنسا و بەریتانیادایە. ئیزمیر و کەناری Ägäis بەدەست هێزە یۆنانییەکانەوەیە. پەیماننامەی ئاشتی سیڤەر هەڵوەشانەوە و دابەشکردنی ئیمپراتۆرەکەی خستە قولە مستی دەستی سەرکەوتووەکانی شەڕی جیهانیەوە.
تورکۆلۆگ و مێژوونووس خاتوو Ellinor Morack ڕێکەوتننامەکە ناو دەبات بە دەڵێ: "دوا ڕاچەنینی ئیمپریالیزم."
"دوێنێ ڕۆژێکی شوومتر بوو بۆ وڵاتەکەمان. شاندەکەی حکومەت بۆ واژۆکردن لە ئیستەنبوڵ واژۆی دەستەسڕی کاغەزی سیڤەر یان کرد بەبێ ئەوە چاویان بتروکێنن".
ناونیشانی ڕۆژنامەکەکان وەک لە زنجیرە درامای " وەتەنم سەنسین" دا بەدەنگی منداڵێک دەخوێندرێتەوە ڕەزا تۆفیق و هاوڕێکانی وەک ناپاک نیشان دەدەن، کە دواتر لەلایەن حکومەتی ئەتاتورکەوە جاڕی لێداوە.
لەوێدا هیچیان بۆ نامێنێتەوە هەروەک مۆراک دەلی:" حکومەتی سەڵتەنەت 1920 لە دۆخێکدا نەبوو، بتوانێ بەهیچ شێوەیەک ڕەتی بکاتەوە. دەی دەبوو چ بکەن؟ ئەوان بۆخۆیان کۆنترۆڵی دروست و تەواویان بەسەر لەشکرەکەیاندا نەبوو، چونکە ئەوەی لێی مابوو، لە خزمەتی کەمالیستەکان دا دژی ئەوە بوون، شەڕ بەڕێوەبەرن - دژ بە مەرجە توندەکانی پەیماننامەکە..بەم پێیە بەشێکی گەورەی Thrakiensو Edirne و بە درێژایی کەناری Ägäis کەوتە یۆنانەوە. ئورفە، مێردین بۆ فەرەنسا، و ڕۆژئاوای ئانادۆڵ بۆ ئیتالیا . ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵ دابەش دەکرێ لەنێوان دوو دەوڵەتی نوێ کە دادەمەزرێن **ئەرمینیا و کوردستان.**
کۆنستانتینۆپێل/ قوستەنتین، دەخرێتە ژێر بەڕێوەبەرێتییەکی نێونەتەوەییەوە .فەرەنسا و بەریتانیا ناوچەکە دابەش دەکەن لە نێوان خۆیان دا،بەسەر ئەوەی ئێستا ناوی ، عێراق، سووریا، ئەردەن، لوبنان و ئیسرائیلە
.
" وەتەنم سەنسین/ Vatanim Sensin" یەکێکە لەچەندین درامای تەلەفزیۆنی بە پاشخانی مێژووییەوە، کە لەم 10 ساڵەی ڕابووردوودا لە تورکیا بەرهەم هێنراوە: ڕووداو و پێشهاتەکانی خانەوادەی Saga لە 59 ئەڵقەدا لەسەر Smyrna یاخود Izmir ە، کە لە 1919 لەلایەن یۆنانەوە داگیرکرا.
ناوەڕۆکی سەرەکی باس لە خۆشەویستی نێوان خاتوونێکی شۆڕشگێڕی تورک هیلال Hilal و ئەفسەرێکی یۆنانی لیۆنیداس Leonidas . پەردەی دیمەنەکە لە سیڤەردا کەموزۆر هاوجووتی هەقیقەتە مێژووییەکەیە. لە تورکیادا پەیماننامەکە تا ئیمرۆ مادەیەکی خوێندنە.
"ئەوەی ئێمە جاران فێری بووین؟ دەمانزانی شەڕێک بووە و بۆ ئێمە سیڤەر بووە بەڵا" ئەمە بیرەوەریی Belma Bagdatو مێردە نووسەر و کارێتکارەکەی Hayko Bagdat ە، لە وانەی مێژوویان دا."
دوایی ئەتاتورک وڵاتەکەمانی قوتار کرد و ئێستا نیشتمانێکی ئازادی دڵفرێنمان هەیە، لەسەر گۆڕی ئەرمەنییەکان دامەزراوە".

**پەیماننامەی سیڤەر وەک وێنەیەکی ترسناک**



General Hadi Pascha, damaliger türkischer Minister für öffentliche Bildung, bei der Unterzeichnung des Friedensvertrag von Sèvres. © imago images / United Archives International

پەییامانامەی سیڤەر، وەک ئێلینۆر مۆرەک دەڵێ" هەر منداڵێک لە قوتابخانەی تورکیا فێری دەبێ وەک وێنەیەکی ترسناک". ئەو مێژوونووسە باس لە " سیڤەر - سیندرۆم"Syndrom سیندرۆم، کۆی نیشانەکانی نەخۆشییەک- سیڤەر دەکات. و". هەروەها دەڵێ : "ئیمڕۆ لە زانستی سیاسیدا بەکار دەهێنرێ، بۆئەوەی بۆچوون و ڕامانێک نیشان بدەن، کەوا کاتی خۆی زلهێزەکان و ئێستا ڕۆژئاوا یاخود بەکورتی هەموو وڵاتانی تر مرخیان لەوە خۆش کردووە، ئاناتۆڵ لەنێو خۆیاندا دابەش بکەن. "

بەهەقیقەت هەر ئەم بیرو بۆچوون و باوەڕە کە هەتا ئیمڕۆ لە لایەن بەشێکی زۆری کۆنپارێزە نەتەوەیی و هێزە نەتەوەییەکانەوە دەبەخشرێتەوە. ئەگەر مرۆ چاوێک بگێرێ بەسەر پەیماننامەی سیڤەردا ، دەتوانین بڵێین: بەهەرحاڵ بەڕاستی ئەوانە ناهەقیان نییە. ئیدی بەڵێ لەڕاستیدا هەوڵێ هەبوو بۆ دابەشکردنی وڵات. ئەوەی نابێ لێرەدا لەبیر دەکرێ: کاتێ ئەوە واژۆ کرا، لە هەموو بارێکدا شیاوی جێبەجێکردن نەبوو..

فەرەنسی و بەریتانییەکان ماندووی دەستی جەنگ بوون و ئەتاتورک لە ئەنقەرە لەگەڵ پاشماوەی هێزەکانی عوسمانیدا خەریکی ڕێکخستنی بەرخۆدان بوو. 9 ڕۆژ پاش ئەو واژۆکردنەکە، کۆنگرەی نەتەوەیی ڕایگەیاندن هەموو ئەوەی بەناوی ئەنجوومەنی تاجی سوڵتانەوە دەنگیان بە پەیماننامەکە داوە، ناپاکی هەرە گەورەن. لەبەرئەوە دوو ساڵ دواتر بە کاریگەرێتی ڕووداوەکەی ساڵی 1920ەوە پەرلەمان دوا سوڵتان «واحدین» ی لە دەسەڵات خست.

(کۆماری تورکیای ئەتاتورک بە ئاگایی و هوشیارییەوە خۆی بە دژە مۆدێلی دەوڵەتی فرەگەلانی عوسمانی دادەنا).", ئەم دێرە لەتەک وێنەی کەڵلەسەری ئەتاتورکدا نووسراوە.و".

یاکتام تورکیەڵمازی مێژوونووسی تورک- کورد باوەڕی وایە " هەموو ڕژێمێکی شۆڕشگێر بانگاشەی کردووە، کە بەتەواوی پەیوەندی نییە و پچڕاوە بە ڕابووردووەوە. بەم جۆرە زۆر لە زانستکاران ساڵانێکی زۆر باوەڕیان بەم حاڵەتە کرد". ئەمە بیروڕای مێژوونووسی تورک - کورد یاکتام تورکزاڵمازە/Yektam Türkyilmaz ە. ناوبراو مێژووی گێرانەوەی سیڤەری تراوماو و ئاتاتورکی رزگارکەری شۆڕشگێر دەزانێ.

کۆمارە تورکییەکەیان بە هوشیارانە خۆی بە دژە مۆدێلێکی دەوڵەتی فرەگەلانی عوسمانی دادەنا ، بە ڕابەرایەتی سوڵتان کە خۆی بە خەلیفەی ڕابەری رۆحی و حوکمداری هەموو موسڵمانان دەزانی. ئەم ترادیسۆنە کەمال مستەفا ناسراو بە ئەتاتورک، باوکی تورکان بە هوشیارییەوە هێنایە مەیدانەوە.

پێڕەوکردنی ئەلفوبای لاتینی، قەدەغەکردنی فێست: کە هەتا ئیمڕۆ نموونەی بەرچاوی ئەو هەڵمەتە خێرایەی مۆدێرنیزمەیە.. بەڵام وەک یاکتان تورکیەلماز دەڵێ:" ئەوە ئەو مێژووەیە کە کەمالیستەکان دەیانەوێ وا بکەن باوەڕی پێ بکەین. بەڵام من باوەڕ دەکەم بەردەوامێتی لە نێوان دەسەڵاتی عوسمانی و کۆماردا بایەخدارترە لەوەی بە گشتی وەردەگیرێ".

**بەشی دووەم : ڕۆحی نەمرانی دەوڵەت**

یاکتان تورکیەڵماز دەڵێ" عوسمانیزم هەر ماوە" ناوبراو خەریکی توێژینەوەیە لەسەر کوشتاری ئەرمەنییەکان و کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و مامۆستای زانکۆیە لە Daku University لە ئەمەریکا و ئێستا لە بەرلین دەژی.
چەمکی " عوسمانیزم" دەگەڕێتەوە گازینۆی ئەفەسەران و سالۆنی " دەوڵەتی عالی" سەدەی 19 .مستەفا کەمال یەکەم ریفۆرمخواز نەبوو" ناوبراو بە عوسمانیزم وەک بیرۆکەیەک سەری هەڵدا بۆ ڕزگارکردنی ئیمپراتۆریەتەکە، کاتێ دەوڵەتەکە گلۆڵەی کەوتە لێژی بەرەو هەڵوەشانەوە ".
لە سەدەی 19 دا تا دەهات وڵاتانی دەڤەری بالکان داوای سەربەخۆیی سیاسییان دەکرد. یۆنان ساڵی 1878 سەربەخۆیی بەدەستهێنا. 1878 بولگاریایشی بەدوادا هات ،1881 ڕۆمانیا ، 1882 سەربیاش سەربەخۆیی بەدەستهێنا. لەڕاستیدا بەشێکی گەورەی ئیمڕۆی یۆنان Tkraken & Mazedonien بەشێک بوون لە دەسەڵاتی عوسمانی، بەڵام بزافی سەربەخۆخوازی ئەم خەونەی دەوڵەتی عالی لەگۆڕنا.. بەدرێژایی سەدان ساڵ سیستەمی- میللەت هەوڵی ڕێکخستنی ماف و ئەرکی کەمینەی کریستیانی و جولەکەی دا. میللەت ڕێگەی دا بە تەرجەمەکردن بە کۆمەڵە ئاینییەکان و ئۆرتۆدێکسێکی میللی لەگەڵ ئۆرتۆدۆکسی- یۆنانی پاتریاکی کۆنستەنتیناپۆل و یەکێکی ئەرمەنی لەگەڵ سەرۆکی باڵای پاتریاکی ئەرمەنی ..لەچوارچێوەی ئەم میللییەتەدا جولەکە و کریستیانی سەربەخۆیی دیاریان هەبوو .دەبوو باجێکی زۆر بدەن تا لە خزمەتی سەربازی و دەوڵەت بەدوور بن. لە سەدەی 19دا ڕەخنە لە سیستەمی کۆنی میللیەت و بزافی ئۆپۆزیسیۆنی " جۆن تورک زیادی کرد، " کە پروپاندەی بیرۆکەی ناسنامەی هاوڵاتێتی "عوسمانی" دەکرد.

" تەنزیمات" بەقۆناخی ریفۆرم دەوترێ لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی دا، هەنگاو بەهەنگاو هەتا دەستووری ساڵی 1876 مافی یەکسانی هەموو ڕەعیەتی ژێر دەسەڵاتی سوڵتانی زامن دەکرد - هەتا ئەو کاتە پاش ماوەیەکی کورت پاشا عەبدلحەمیدی دوو یاساکەی لە کارخست. دواتر بە تێروتەسەلی قسە لەسەر ئەمە دەکەین- قسە لەسەر ناسنامەی گشتگری عوسمانی نزیکەی 30 ساڵ مایەوە هەتا لە ساڵی 1908 دا، تورکی لاو دەسەڵاتی سوڵتانیان گۆڕی بە جێگرەوەیەکی گوێڕایەڵ و سەرلەنوێ دەستوور کەوتەوە گەڕ.

**"ئێمە عوسمانینی خاوەن بێگەردترین جۆری بیرکردنەوەین"**

یاکتان تورکیەڵماز دەڵێ: لە پەرلەمانی نوێی هەڵبژێردراودا بە یەکسانی نوێنەرانی یۆنانی و ئەرمەنی و جولەکە هەبوون لەتەک هاوکارە موسڵمانەکانیان دا. لە 1908-1912 عوسانیزم واتای وایە: جیاوازی مەزهەبی و ئێتنیکی هیچ بایەخی نییە. مێژوونووسی ناوبراو چەندەها تەن دیکۆمێنتی ئەو سەردەمەی کۆکردۆتەوە. لەسەر یەکێ لە قەوانەکانی - هی ساڵی 1909 تێنور ئیبراهیم ئەفەندی ستایشی زۆری وڵات و سوپا دەکات..." ئێمە عوسمانی خاوەنی باشترین جۆری بیرکردنەوەین.."
نیشتمانپەروەری دەستووری عوسمانی.هەروەها دکتۆری لاو و سیاسی ڕەزا تۆفیق لە پەرلەمانی نوێ دایە.11 ساڵ دوای تۆمارکردنی قەوانەکە ئەو لە سیڤەر بە واژۆ لەسەردانانەکەی مۆری نا بە کۆتایی دەوڵەتی عوسمانییەوە.

لەو نێوانەدا دۆڕاندنی یەکەم جەنگی جیهانی هەیە لەگەڵ کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان دا و کە لەلایەن تورکی لاوەوە ڕێکخراو بوو، ئەو تورکلاوەی تا پێش چەند ساڵێ ناسنامەی عوسمانی گشتگر لای گرنگ بوو.

لە مانگی 1920/4 لە ئەنقەرە پەرلەمان جارێکی تر کۆبۆوە. "ئەنجوومەنی نەتەوایەتی فراوان " ی کە لەلایەن ئەتاتورکەوە داوا کرا " .

گەورەترین جیاوازی لەگەڵ پەرلەمانی 1909دا بەزەقی بەرچاو دەکەوێ .تورکیەلماز دەگێڕێتەوە: " نە نوێنەرانی کریستیانی و نە هی جوولەکەی تێدا نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا فرە ئیتنیکی بووە، نوێنەرانی گرووپەکانی: عەرەب و کورد و چەرکەس" بەشداربوون.

"عوسمانیزم" وەک چەترێ، لە سایەیدا چەندین ئیتنیک خۆیان دۆزیبووەوە، بەرەو پێش دەڕیا- بێگومان بە سنووردارییەوە.

" خوێندنەوەی کەمالیستی بۆ عوسمانیزم بریتییە لەوەی هەمیشە گرووپی جیاواز جیاواز کۆدەکاتەوە، بەڵام ئێستا باس باسی ئیسلامە و بەتایبەتی ئیسلامی - سونی. لە جێگای ئەوەی قسەکردن لەسەر ناسیۆنالیزمی تورکی بکرێ، پێیان خۆشترە باس لە ناسیۆنالیزمی سونە بکەن... ئەگەرچی پلورالیزمیشە، لێ تێیدا چیتر کریستیان و جولەکە جێیان نەبۆوە.

هایکۆ بەگدات بە تەوسەوە دەڵێ: "نیشتمانێکی ئازاد و خۆش و دڵفڕێن هەڵچنراوە لەسەر گۆڕی ئەرمەنیەکان ."با ئەتاتورک بەرپرسی کوشتارەکەش نەبێت. کۆماری تورکیای لاو سوودی لەو هەڵمەتی کوشتنە دی . " کۆمارەکەی پاش کوشتارکە دامەزرێندرا، هەموو ئەو شتانەی پاراست کەوا پێشتر هی ئەرمەنییەکان بوو .'ئەمەش بووەبەردی بناغە بۆ سامانی کۆماری لاو".

ئێلینۆر مۆراکی مێژوونووس درێژەی پێدەدات و دەڵێ:" لەکۆتایی جەنگەکەدا ئەو ئەرمەنیانەی مابوون گەڕانەوە ."دەڵێ:" بەپێی مەزهەب زۆر جیاواز بوون و دەستبەجێ هەرا دروست بوو لەگەڵ ئەوانە هێنرابوونە شوێنەکانیان و نیشتەجێ کرابوون. دیارە کۆمەڵێ خەڵکی زۆریش هەبوون کە سوودمەندبوون لە کوشتارەکە و دەرپەڕاندنی گریکی/ یۆنانی و دەست گرتن بەسەر وڵات و کارخانەکانیان دا . "٠

لەناوەڕاستی یەکەم جەنگی جیهانیدا تورکی لاو بڕیاری لەناوبردنی گەلی ئەرمەنی دا... حکومەتی نوێی ئەنقەرە بیری لەوە نەکردەوە قەرەبووی ئەو کەمە ئەرمەنەی ماون بکات. لە ئێستادا نزیکە 60,000 هەزار ئەرمەنی لە تورکیا دا دەژین. زۆرینەیان لە ئیستەنبوڵن. تراوماى کوشتارگەلەکە بە قوڵی ڕەگی داکوتاوە...

بۆ ئەوەی کەس تێبینی ئەوە نەکات ئەرمەنە، هایکۆ بێگداد وەک مێردمنداڵێک " لەسەر شەقام و کۆڵانەکان دایکی بە" ماما" بانگ نەدەکرد بەڵکو بە ئەنە/ دایە بە تورکی. ملوانکەیەکی خاچم هەبوو دەبوو لەژێر کراسەکەمەوە لەملی بکەم، نەشم دەزانی بۆچی.."

**ڕێکەوتنامەیەکی نوێ لەگەڵ هێزە براوەکان دا لە لۆزان...**



سێ ساڵ دوای کۆنفرانسی سیڤەر دووەم کەمینەی گەورە ، گریگەکانی ئانادۆڵ دەرپەڕێندران .مستەفا کەمال ئەتاتورک سەرکەوتوانە لەشکری گریکی پاشەکشێ پێ کرد. لە سێپتامبەری 1922دا دوا سەربازی گریکی ئاسیای بچووکی بەجێهێشت و 1923 هێزە سەرکەوتووەکانی جەنگی جیهانی لە لۆزان پەیماننامەیەکی نوێیان بەست، ئەمجارە لەگەڵ حکومەتی ئەنقەرەدا. سیڤەر پشتگوێ خرا و کۆماری تورکیا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە سنووری خۆیەوە لە ڕۆژئاوا ددانی پێدا نرا و هەتا ئیمڕۆ بەرقەرارە. تورکیا و گریکلاند/ یۆنان ڕێکەوتن لەسەر " ئاڵوگۆڕپێکردنی دانیشتوان ."نیو ملیۆن موسڵمان پێویست بوو یۆنان بەجێ بهێڵن و نیو ملیۆن ئەرتۆدۆکسیش تورکیا. ئاینن لێرەدا بڕیاردەر بوو، تەنانەت ئەو کریستیانەی بە تورکیش قسەیان دەکرد لە ناوەندی ئانادۆڵ دەرپەڕێندران.
" زەحمەتە بارودۆخی دەوڵەتی کەمالیستی بە سێکولار ناو بنێین..سێکۆلاری واتە بە نزیکەیی بێ بایەخی دەوڵەت بۆ ئایی هەیە. بەڵام ئەم دەوڵەتە بایەخی زۆری بۆ ئاین هەس هێندە زۆر تەنانەت کەوا ئەو بڕیار دەدات کێ لە ترۆپکدا بێت ..". ئەمە قسەی یاکتان تورکیاڵمازە..
لەم خاڵەدا کۆماری تورک خۆی جیاناکاتەوە لە دەوڵەتی عوسمانی. سوڵتان لە خۆیدادەسەڵاتی دنیایی و ڕۆحی کۆدەکردەوە.. وەک خەلیفە و وەک جێگری محەمەد پێغەمبەر ، ئەو ئەوەی لەبەرچاوگرتبوو بۆ سەرۆکایەتی ناوبراو بە ئوممە/ کۆمەڵگەی هەموو باوەڕدارانی موسڵمان.
حکومەتی تورکی دەستبەرداری ئەم داوایە بوو،لێ لەوە خۆش نەدەبوو دەسەڵاتێکی تری ڕۆحانی لەتەکیدا بێت. دوای ئەوەی پەرلەمان، ساڵی 1922 دوا سوڵتانی لەسەر حوکم لابرد، نوێنەرانی پەرلەمان کوڕی مامەکەیان هەڵبژارد بە خەلیفە، هەر بۆ ئەوەی پاش دوو ساڵ جارێکی تر لە دەسەڵاتی بخەنەوە..
تورکیاڵماز بەردەوامە " خەلافەت کەمالیستەکانی لابرد" و خۆشیان دژی مەزهەبی دەستەبژێری دیاریکراو وەستانەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نا، کەوا بەدڵی خۆیان مەزهەبێکی دەستەبژێری نوێ ساز بدەن ." لێرە بەدواوە ئیمامەکان سەر بە وەزارەتی کاروباری ئاینی کران و ئەم ئەرکەیان کەوتە سەر. بانگدان لە ساڵانی 30 ەوە لە عەرەبییەوە کرا بە تورکی . ئێلینۆر مۆراک دەڵێ: " بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەمە یەکەم ریفۆرمی سێکولار نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێشوازییەکی جەماوەری گەورەی بەدەست نەهێنا."

هەروەها دەسەڵاتی عوسمانی دەوڵەت بڕیاری لەسەر ئاین دەدا، لێرەشدا تەنیا پشتی دەبەست بە دەسەڵاتی سوڵتان وەک خەلیفە ، وەک سەرۆکی ئاینی . وای دادەنا کە دەوڵەتی نوێی ڕۆژئاوایی بەخۆی ڕەوا بینی، بڕیار لە کاروباروباری ئایینیدا بدات، بەبێ ڕەوایەتی بۆ ئایینەکەی خۆی. لە ڕاستیدا ئەمەش تاکە تێکشکاندن بوو لەگەڵ ئەو ترادیسیۆنەی هەبوو. ئەمەش قسەی ئێلینۆر مۆراکە.



Die Grenzverläufe nach dem Vertrag von Sèvres 1920.
© akg-images / Peter Palm

**"100 " ساڵەی پەیمانی سیڤەر**

نووسینی: Gerd Brendel لەئەڵمانییەوە هەڵۆ بەرزنجەیی

28.1.2022

بەشی ٢-٢

**بەندی سێیەم: ئەنقەرە دەبێتەوە بە ئایینی...**

ئیلینۆر مۆراک جەخت دەکاتەوە 100 ساڵ دوای سێڤەر و 100 ساڵ دوای یەکەم دانیشتنی ئەنجوومەنی نەتەوایەتی لە شاری ئەنقەرەی ئاناتۆلی ، دەوڵەتی تورکی تا بێت زیاتر دەبێتە ئاینی و ئیمپراتۆرێتی عوسمانی # بە دەوڵەتە -ئیسلامییەکەیەوە لە ئەنتی- مۆدێلەوە بەرەو بە سەرمەشق بوون. " بەهەرحاڵ لە ساڵانی 40 و 50 کانەوە ئەم بزاڤە هەیە کە پێی دەوترێ، (سیاسەتی ئیسلام- تورکی) بەواتای هەوڵدان بۆ پێکەوە گرێدانی ئیسلام و ناسیۆنالیزمی تورکی ."
کتومت وەک سێنتێزی ئیسلامی- عوسمانی. کە لە ساڵانی 50 ەوە لە مزگەوتەکانەوە دووبارە بانگ بدرێ بە زمانی عەرەبی، زیاترین بەڵگەی "بیستراوی" ئەم بەرەو پێش چوونەیە. لە بڵندگۆی مزگەوتی شەهیدلیک لە بەرلین، بەدەگمەن بە کوالیتێتێکی باشی دەنگ دەداتەوە. ئەم مزگەوتە پێش چەند ساڵێک دامودەزگا ئاینییەکان بڕیای دامەزراندنی دراوە، بە دروستی بە ستایلی عوسمانی دروست کراوە، هەروەک ئەو بینایەی بەڕێوەبەرایەتی تەنیشتی. لێرە وێنەی ئەتاتورک هەڵنەواستراوە بەسەر مێزی بەڕێوەبەرانەوە،، بەڵکو ئاڵای عوسمانی..
ناوەکەی شەهیتلیک/ شەهیدSehitlik مزگەوتەکە لە کەسوکاری سوپای عوسمانییەوە وەرگرتووە، ئەوانەی گۆڕەکانیان لێرەیە، لەنێویان دا دوو سیاسی تورکی لاو/ جۆنتورک، کە بەکردەوە بەشداری کوشتاری ئەرمەنیان کردووە، لێرە لە بەرلین لەلایەن تیرۆریستانی ئەرمەنەوە کوژراون.

ئەوەی لەساڵانی 50 کاندا لەسەردەمی سەرەک وەزیران **مێندەرس** دا، بەبانگ دەستی پێکرد، لە ساڵانی هەشتاکانەوە بەردەوام بەهای زیاتر وەردەگرێ. لەسەردەمی سەرۆک جەنەڕاڵ ئێڤرن دا وانەی ئاینی ئیسلام سەرلەنوێ بەفەرمی کرایەوە. ئەتاتورک دەیویست ئیسلام لەمەیداندا دوور بخاتەوە .ئێستا ئیسلامی سیاسی دەچنە پەرلەمانەوە.
ساڵی 1996 **نەجمەدین ئەربەکان** لەلایەن پارتی رەفاهەوە بەسەرۆک وەزیران هەڵبژێردرا..پارتە ئیسلامییەکەی قەدەغە کرا. وەک میراتگرەوەیەک ساڵی2001 پارتی « **داد و گەشەپێدان**» کورتکراوە **ئاکەپە** دامەزرێندرا. سەرۆکەکەی ناوی (**رەجەب تەیب ئەردۆغان**)ە.سەرۆکەکەی ئێستا هەمیشە و بە خۆشییەوە داکۆکی دەکات لە شکۆ و سەروەری مێژووی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی.

**وێنەی دیرۆکی ئەردۆغان**

"خەڵک هەیە دەیەوێ ئێمە خۆمان لە ڕابوردوومان بە دوور بگرین و ئێمە لە ڕەگمانەوە بپچڕن!".ئەمە گوتاری سەرۆکە بەبۆنەی ئاهەنگی 100 ساڵەی مردنی سوڵتان عەبدولحەمدی دووەمەوە،لە کۆشکی یەڵدیز ئەستەنبوڵ پێش دوو ساڵ لە ئەستەنبوڵ.
" ئۆپۆزیسیۆنەکانیش ڕایانگەیاند، کە مرۆ تەنیا کاتێ دەتوانێ ئەمەکداری بۆ کۆمار نیشان بدات، کە ڕەگوڕیشەی خۆی/ باوباپیرانی! خۆی بکاتە دوژمن". .
بەڵێ ئەردۆغان دەڵێ: " ئێمە دەبێت دووبارە لەگەڵ مێژووەکەمان دا خۆ بگونجێنین!". بەتایبەتی بەشی مێژووی عوسمانی ، کە دەگونجێ لەگەڵ وێنەی ئەردۆغانی دەوڵەتی ئیسلامی . " ئێمە نابێت مێژوومان

به پێی پێویستی هەڵبژێرین، ئەوە دەبێتە ناپاکی" . سەرۆک بانگاشەی وا دەکات، بێگومان ئەوەی ڕێگری لەو ناکات، ئەوەیە بەدروستی و تەواوی خۆی هەڵی بژێرێ.
(سوڵتان عەبدولحەمیدی دوو، نموونە و ئایدیا و سەرمەشقێکی بەهێز و گەورەی ئەردۆغانی سەرۆکی ئێستایە،ئەمە لەتەک وێنەی سوڵتان عەبدولحەمیددا نووسراوە . و.). لە وێنەکەی خۆی ئیمپراتۆری عوسمانیدا هەوڵی مۆدێرنیزمەی سەدەی 19 دیار نییە ،کتومت وەک دەستووری یەکەمی عوسمانی ساڵی 1876. نموونەکەی عەبدولحەمیدی دووەم پاش کەمێک قانوونی بنەڕەتی لەکار خست و پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە، 30 ساڵ بە شێوەی ئۆتۆکراتی حوکمی کرد، هەتا لەلایەن " تورکی لاو" ەوە لابرا. سەرباری هەموو ئەمانە هێشتا بۆ ئەردۆغان عەبدولحەمید لەنێو 36 دەسەڵاتدارەکەی عوسمانیدا گەورەترینیانە.
یەکێ لە مێژوونووسە دیارەکانی تورکیا **ئیلبێر ئۆرتایلی** ئەویش بیروڕای وایە" لە یەکێ لە سەمینارەکانم لە زانکۆ، عەبدولحەمیدمان بەهۆی حکومەتە باشەکەیەوە بە قەیسەرێکی ڕۆمانی بەراورد کرد". ڕوونکردنەوەیەک کە شایانی ئاماژە پێدانە ئەوەیە ئیلینۆر مۆراکی هاوڕێی ئۆرتالیلی دەڵێ" ئەو هەمیشە وەک فیگورێکی جێی مشرومڕ بووە، لەبەرئەوەی ئەو لە لایەک توانی ، لەو ماوەی 30 ساڵەی حوکمەکەیدا بستێک لە خاک نەدۆڕێنێ و ئەمەشی بە مشتی پۆڵاینەوە کرد. ئەمە قسەی مۆراکە .
" لەسەردەمی حکومەتی ئەودا زیادبوونی سیستەمی سیخوڕی و پۆلیسی نهێنی . ئۆپۆزیسیۆنەکان دەخرانە زیندانەوە یان بۆ تاەاوگە دوور دەخرانەوە، هەروەها چەندین کوشتارگەل لە ساڵانی 80 و 90 کان دا بەرانبەر بەئەرمەن- زۆربەی کات وەک سوڵتانی سوور دەست نیشان دەکرێ، بەمانای دەستی بەخوێن زۆر سوورە ."

## مێژوو وەک چیرۆکی - پروپاگەندە لە تیڤی دا.

بۆچی ئەرۆغان عەبدولحەمیدی کردۆتە نموونەی باڵای خۆی ؟ ئەو خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە" سوپاس بۆ خوا ، کە نەتەوەکەمان مێژووییەکی وای تۆمار کردووە" سەرۆک سوپاسی خۆی بۆ بەرنامەی تیڤی دەوڵەتی ڕادەگەیەنێ و دەڵێ "سوپاس بۆ ئەم زنجیرە ، زنجیرەی " Payitath Abdülhamid کە بۆ ماوەی 3 ساڵە، لە TRTپێشکەش دەکرێ ، لە تیڤی دەوڵەت.
لە ئەڵقەی یەکەمەوە ڕوون و ئاشکرایە، لێرەدا چ مێژوویەک دەگێڕدرێتەوە و نیشان دەدرێ. جەماوەر لە کۆشکی یالّماز، پاسەوان بە دەرکەوتنی دەسەڵاتدار هاوار دەکات : سوڵتان عەبدولحەمید هەمیشە سەر دەکەوێ ، لەم سەرەڕێگایەدا خوا دەست بە باڵییەوە بگرێ.
گۆڕینی گرتەکان/ لقطة ی فیلمەکە لە ئیستەمبوڵەوە بۆ ڤییەنا، کۆشکی تیۆدۆر **هێرتل** . ئەو باوکی خۆی لە ژێرزەمیندا زیندانی کردووە و قسەی هەلەقومەلەق دەکات دەربارەی دەوڵەتی جولەکە لە فوراتەوە تا نیل و لەوێشەوە ڕفاندنی هێڵی ئاسنین، کە سوڵتانی ئایندار پلانی هەیە بۆ بەجێگەیاندنی فەرزی حەجی مەککە.
مێژوو وەک حیکایەتی ـ پڕوپاگەندەکردن، بەر لەهەرشتێ خزمەتی ئامانجێ بکات :عەبدولحەمید وەک فیگورێکی ئەرێنی بنەخشێنێ ".ئاخر لەبەرئەوەی ئەو دەسەڵاتدارێکی بەهێز بوو، چونکە ئەو ئیمپڕاتۆرێتییەکەی ڕاگرت ، ئێلینۆر مۆراک وا دەگێڕیتەوە " : دواجار ئەم کارەی بە شێوەی باسنەکراو و ناشیانە کرد دژ بە جولکە و دژ بە ئەرمەن.
دوژمنان هەر بەتەنیا خۆیان لەدەرەوە مەڵاس نەداوە، بەڵکوو هەروەها لەناو خودی کۆشکیشدا هەن . لەسەر مێزی نانخواردنی بەیانیان، سوڵتان بۆ کوڕەکەی باس کرد، بۆ ئەو جارێکی تر دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی دیکەی قەدەغە کردووە : مەسەلەکە بۆ ئەو ئەوە نییە ڕەخنە لە کەسەکانی گیراوە، بەڵکوو لاوازکردن و خراپکردن و لەناوبردنی، یاسا و ڕێسای دەوڵەت و خەلیفە. لێرەدا دەسەڵاتداری عوسمانی قسە دەکات و دەڵێ: سەرۆکی کۆمار " شکۆداری گەورە".
سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی جمهوریەت **" جان دوندار"** دەڵێ: **"**گێرانەوەی کۆمەڵگە بۆ سەردەمی عوسمانی بەدڵی ئەردۆغانە" دوندار بۆ چوار ساڵ دەچێ لە بەرلین دەژی. لە تورکیا سزادراوە بە چەندین ساڵ زیندانی بە بیانووی " سوکایەتی کردن بەسەرۆک کۆمار" . لەڕاستیدا دوندار لەمەر گەندەڵی کوڕی

ئەردۆغانەوە هەواڵی بڵاو کردەوە و هاوکات باسی ڕەوانەکردنی چەک و تەقەمەنی دەزگای هەواڵگیری تورکیا بۆ چەکدارانی داعش لە سووریا کرد.
گوتاری باوکانەی تیڤی - سوڵتان تاکە هاوتەریبی نییە بۆ تورکیای ئیمڕۆ .مێژوونوس یەکتان تورکیالماز هیچ ئەڵقەیەکی لە کیس خۆی نادات" لەبری ئەوەی ڕۆژنامە بخوێنیتەوە، پیاو دەتوانێ بە باشی ئەڵقەکانی "پایتەخت عەبدولحەمید " تەماشا بکات .کە سەبارەت بە سیاسەتی هەنووکەییە. ئەم زنجیرەیە ناتوانێ لە عەبدولحەمید کەمتر و لە ئەردۆغان زیاتر بێت.
ساڵی 1905 ئەرمەنییەک لە تۆڵەی کوشتاری ئەرمەنییەکان پەلاماری سوڵتانی دا سەرکەوتوو نەبوو. لە زنجیرە تیڤییەکەدا پاسەوانی کۆشک چەکەکانیان ئاڕاستە بەرپرسەکانی خۆیان دەکەن، لەبری ئەوەی ئاڕاستەی ئەرمەنی پاتریاکی بکەن. "پێویستە پیاو دواجار ئەم گرتەیە بچوێنین بە کودەتاکەی 2016 کاتێ سوپا دژی سوڵتان، باشتر بڵێین ڕووەو ئەردۆغان ئاڕاستەکرا."
لەسەرەتای دەستپێکی ئەم ساڵ دا، دەسەڵاتی عەبدولحەمید رووبەرووی هەڕەشەیەکی نوێی تەواو بووەوە: لە زنجیرەی 115دا خانمێ بلافاتسکی فەرمانی نادیاری دا. کەسایەتی زنجیرە تیڤیەکە بەشداری ناکات جگە لە دیمەنی نامۆی لەگەڵ پسپۆڕێکی ناوەکی مێژوو دا "ئێستا کاتێتی ڤایرۆسەکە بەرەڵا بکەین".

### زنجیرەی تیڤی زیاتر لەگەڵ پاڵەوانانی عوسمانی دا

"Payitaht Abdülhamid"تاکە زنجیرەیەک نییە دەربارەی پاڵەوانانی عوسمانی.لە ساڵانی 2010 ملیۆنان تەماشاوان لە 45 وڵات تەماشای سەرکەوتنی سولەیمانی شکۆدار لە زنجیرەی تیڤی سەد ساڵی شکۆدار موحتەشەم یوزییل "Muhtesem Yüzyil". دا کردووە. واتە سەدەی شکۆمەندی. موسڵمانە سوننەتییەکان توڕەبوون لەسەر سەدری باڵا لە حەرەم و کاتێ پاشا شەرابی خواردەوە لە زنجیرەی - سوڵتانە،کە هەنووکە نموونەیەکی ژیانی بێوێنە بەڕێوە دەبات. ئەمە ڕەواجی هەیە بۆ دوا ئۆتۆکراتەکان لەسەر عەرشی عوسمانی،هەروەک بۆ هەموو یەکەمەکان و ئەوانەی لە بەراییین دا.
لە بازاڕی جیهانیدا تا دەگاتە ئەندۆنیسیا، شتێکی تر سەرکەتووتر بێ لە Psyithad زنجیرەی " Dirlis Ertugrul"واتە هەڵسانەوەی ئێرتوگرول،دەربارەی باوباپیرانی نەمری عوسمانی لە سەدەی سێزدەدا. ناوی عوسمانی کوڕی بووە نازناوی دەسەڵاتدارە یەک بەدوای یەکەکان دا. دیرلیس ئێرتوگرول جۆرێکە لە "muslim Game of Thrones" کە لە جیهان دا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. " موسڵمانێکی لەچک بەسەر لە کلیپێکی ڕێکلام کرندا بۆ زنجیرەکە بە شادی خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێ: ئیدی چەند خۆشە پاڵەوانانی موسڵمان بە ئەرێنی ببینی".
ئێمە دادپەروەری هەتا دوا گۆشە و کونجی جیهان دەبەین. فیلمی عوسمانی ڕەسەن ئەمەی ڕاگەیاند،بێ ئەوەی نە خاچپەرستە خراپەکان و نە بێزەنتینییەکان ،نە دژبەرانی تەفرەدەرلە دۆخی خۆیاندا بتوانن ئەو ڕابگرن.مێژووی عوسمانی وەک گورزی هەنارده کردن و مانۆڕی سەرلێ تێکدان" شاناکردن بە ڕابوردووەوە، لە پێناوی قەرەبووکردنەوە شکستی ئیمڕۆ" بە شێوەیە ڕۆژنامەنووس جان دوێندار باسی خۆشحاڵی سەستەبژێژی حکومەتی تورکی دەکات بۆ سوڵتانە. تاکە شتێکی گەورەی " دەوڵەتی عالی/ باڵا" هەروەها پاساو دێنێتەوە وەک دوێندار دەڵێ، بۆ سیاسەتی دەرەکی سەرکێشانەی ئەنقەرە. " حکومەت دەیەوێ لەو وڵاتانەی جاران لەژێر کۆنترۆڵی عوسمانیدا بوون، باڵادەستی بەدەست بهێنێ و هەژموون پەیدا بکات، بەتایبەت کاتێ نەتوانن بچن داگیریان بکەن،ئەوە بەلانی کەمەوە بەناڕاستەوخۆ بیکەن".
مێژوونووس یاکتان تورکیاڵماز جەختی لەسەر دەکاتەوە" تورکیا بە پشت بەستن بە میراتی عوسمانی : داواکاری ناوچەیی/ هەرێمی زەوی بەرز دەکاتەوە بەرانبەر ئەرمینیا،عێراق، سووریا، یۆنان،قوبرس".

## حاجی سۆفیا وەک ئامڕازێکی بەسوود

سەرباری ئەوەی شیمانە دەکرێ ئامانجە سیاسییەکانی ئەردۆغان لە دەرەوە سەرکەوتنی کەمتر بەدەست هێناوە، لە زنجیرە مێژووییەکەی کە زۆر حەزی لێیەتی.

لەناوەوە ئاکەپە توانی پێش ماوەیەک سەرکەوتنێکی سیاسی بەنرخ تۆمار بکات، دویندار دەڵێ: " گوریس کێشی لە نێوان ڕابووردووی عوسمانی- سیاسی و کۆماری سێکۆلاری ئیمڕۆدا".
" کارێکی لێزانانەبوو، **حاجیا سۆفی** لە سەردەمی قەیرانی ئابووریدا خرایە بەرنامەوە. بۆ ئیمپراتۆری عوسمانی و دژ بە جیهانی کریستیان بارودۆخێ بخوڵقێنی".هەروەها دژی باوکی کۆماریش. ١٩٣٤ ئەتاتورک حاجی سۆفیای کردە مۆزەخانە. داگیرکەری کۆنستانتینۆپلس، محەمەد فاتیح ساڵی 1453 ئەم

کلێسایەی کردە مزگەوت بەو شێوەیەی وەک هەینی رابردوو سەرۆک ئەردۆغان کردی.
جان دویندار دەڵێ: " ئەوە لێزانین بوو، حاجت سۆفیا لەم کاتی قەیرانی ئابوورییەدا بخەیتە خشتەی کاروباری ڕۆژانەوە".مەبەستی دویندار سەبارەت بە گەمەی ئەردۆغانە.
لەبەردەم ئەو هەموو سیمبۆلە سیاسیانەدا تەنانەت سۆسیال دیموکراتی CHP ئۆپۆزیسیۆنیش کە دڵیان بۆ میراتی کەمالیزم لێ دەدات، بێدەنگ بوو".
دویندار دەڵێ: "تەنانەت سۆسیال دیموکراتەکان بێدەنگ مان، لەبەرئەوەی هەستی موسڵمانەکان لە نزیکەوە نەخەنە ژێرپێ".کاندیداتی CHP ی ڕکەبەری ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکۆماردا **موحەڕەم ئینجە**، ڕایگەیاند کەوا نوێژی ڕۆژی هەینی لە حاجی سۆفیا دەکات".
ڕۆژی 24.7.2020 ساڵوەگەڕی پەیمانی سیڤەرە. ئەم پەیماننامەیە پێداچوونەوەی بە بڕیارەکانی ئاشتی سیڤەردا کردووە. هەتا ئیمڕۆ زۆر مەیدان و شەقام لە تورکیای بەناوەوە نراوە. ئەگەرچی 2 ملیۆن گریکی و تورک کاتی خۆی نیشتمانیان لەدەست دا، بەڵام ئەتاتورک توانی ددانپێدانی فەرمی بۆ سنوورەکانی تورکیا بەدەست بهێنێ، کە هەتا ئیمڕۆ بەرقەرارە .
لەم ساڵانەی دوایی دا ئەردۆغان بەردەوام داوای پێداچوونەوەی ئەم پەیمانەی دەکرد و داواکاری دورگەی یۆنان و موسڵ لە بەشی عێراقی کورد دەکات : ئەم ناوچانە ڕۆژێک لە ڕۆژان سەر بە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بوون. خەونی دەوڵەتی معالی - بۆ سەرۆک ئەردۆغان کە دەمێکە خەونێتی نەهاتوتە دی..بۆ بەشێکی زۆری هاوڵاتییانی بۆتە مۆتەکە: ڕۆژنامەنووسانی ڕەخنەگر، سیاسییەکان، زانستکاران، یاخود هونەرمەندان ، کە بوونی ئابووری خۆیان لەدەست داوە، خزێندراونەتە زیندانەوە یاخود ناچاری هەڵاتن کراون بۆ هەندەران، وەک: **کابارێتکار هایکۆ بەگدات، مێژوونووس یاکتان تورکیالماز یاخود ڕۆژنامەنووس جان گیوندار.**
لە ئیمڕۆدا زۆر لە تورکەکان ڕوو دەکەنە تاراوگە، وەک ئۆپۆزیسیۆنە دوورخراوەکانی تورکی لاوی جاران و ئەردۆغان وەک سوڵتان عەبدولحەمید دێتە بەرچاویان. مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە!".
هەروەها بۆ **ڕەزا تۆفیق** کە ئەویش یەکێکە لە واژۆکەرانی پەیماننامەی سیڤەر، ئەو خۆی هەڵدایە ناو تورکی لاوەوە، کوشتاری ئەرمەن مەحکوم دەکات . بەڵام کۆماری لاو دەرفەتی هیچ نیشتمانێکی سیاسی پێشکەش بە لیبەڕاڵەکان نەکرد.
ئەو ناسیونالیزمی ئەتاتورکی ڕەتدەکاتەوە و لەسەر ئەوە دوورخرایەوە .لە تاراوگە دەستی کرد بە شیعر نووسین.شیعرێکی نووسیووە بەناونیشانی " **باڵندەکانتان هەڵفڕێنن بۆ ئەو شوێنەی کەمن لێی لەدایک بووم.."**
لە ساڵانی 80 دا ئەم شیعرە لەلایەن گۆرانیبێژ « **ئەحمەد کایا**»وە کرا بە گۆرانی کە خۆیشی تورکێکی تاراوگەنشین بوو:

**باڵندەکە هەڵبفڕە، هەڵبفڕە متمانە نییە**
**هەڵاڵەی دەنگ ناداتەوە**
**پشکۆکان ساردن لەم ئاگردانەدا....**

........................................................

**سەرچاوە:** https://www.deutschlandfunkkultur.de/100-jahre-vertrag-von-sevres-das-unverdaute-ende-des-100.html